**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٠١**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٦/٣/٢**

## بڕیار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی نائاسیی ژمارە (٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/١/٢٢)یدا، پشت بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراوو ماددەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمانی داوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

**یەکەم:**

دەستنیشانکردنی ڕێزدار (نێچیرڤان ادریس بارزانی) بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق و، دەستنیشانکردنی ڕێزدار (عمر فتاح) بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاش دەرچواندنی ئەم بڕیارە بۆ بەجێهێنانی ماددەی (دووەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦، کە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی پێ هەموارکراوە، بە فەرمی، ڕاسپاردنی هەردووکیان بۆ پێکهێنانی وەزارەت، لە ئەستۆ دەگرێ.

**سێیەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوەو، لە ڕۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتە بەرکار.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**